Sorani
Skola

# خوێندنگا

## ڕۆژی هەڵبژاردن ١٧ سێپتەمبەر (٢٦ گەلاوێژ) بڕیار لەسەر ئاییندەی سوێد دەدرێت و ئەوە من و تۆین کە هەڵدەبژێرین. ئێمە هەموومان هەمان بەرپرسیاریمان هەیە، دەنگەکانمان هاوسەنگن. ئایا سیستەمی خۆشگوزەرانیی باشتر بکەین یان لەو ڕێگایەوە کە هەر پێنجهەمین کرۆنێکی باج لە خەزنە هاوبەشەکە لاببەین، خراپتری بکەین؟

بۆ ئێمەی سۆشیالدیموکرات ئەوە بێگومانییەکە کە هەموو خوێندکارێك دەبێت ئەو زانستەی دەست بکەوێت کە پێویستێتی بۆ ئەوەی لە بازاڕی کار و لە کۆمەڵگادا سەربکەوێت. زانست هەل بە مرۆڤ دەدات گەشە بکات و کار بکاتە سەر ژیانی خۆی. لەبەر ئەوە هەرگیز نابێت خوێندن بۆ چەند کەسێکی هەڵبژاردە بێت. زانست گەشە دەکات کاتێك کە خەڵکانی زیاتر خەریکی دەبن. خوێندن بە چۆنایەتی بەرزەوە پێشمەرجێکە بۆ سوێدێکی یەکسان و ڕەوا.

**هەموو خوێندنگاکان دەبێت خوێندنگای باش بن**

ئێمە بەوە ڕازی نیین کە نۆ خوێندکار لە دە دانە بە پلەی قبوولکراوەوە لە قۆناخی سەرەتاییەوە ڕوو دەکەنە قۆناخی ئامادەیی. بە زۆربوونی مامۆستا هەلەکانیش بۆ هەموو خوێندکاران زیاتر دەبن کە ئەو یارمەتیە وەربگرن کە پێویستیانە تا بگەنە ئامانجی زانست. گرەوکردن لەسەر مامۆستا و پسپۆڕی دیکەی زێدەتر لە خوێندنگاکاندا بەڕێوەیە. ئامانجی ١٥ هەزار مامۆستا و پسپۆڕی دیکەی زێدەتر لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دەبێت بە ڕاستییەك (واقیعێك).

ئەو خوێندنگایانەی کە لە هەرە بارودۆخی زەحمەتدان پێویستیان بە زێدەیارمەتیی هەیە. لەو ساڵانەی ئایندەدا وەك هەنگاوی یەکەم ٢٢٥ ملیۆن کرۆن دەدرێت بەو خوێندنگایانەی کە دۆخیان زۆر دژوارە. ئەو پارانە دەبێت بۆ چەند شتێك بەکار ببرێن لەوانە بۆ پێشخستنی گەشەی خوێندنەوە و نووسین لە ناو ئەو خوێندکارانەدا کە پێشینەی بیانیان هەیە، هەم بۆ فێربوونی زمانی سوێدی و هەم بۆ زمانی دایکیش. هاوکاری لە نێوان خوێندنگا و خانەوادەدا دەخرێتە ڕیزی پێشەوە. هەنگاوی دووهەم ئەوەیە کە پارە و کەرەستە بەو ١٠٠ (سەد) خوێندنگایە بدرێت کە دۆخیان دژوارە بۆ ئەوەی ١٠٠٠ (هەزار) پێداگۆگ دابمەزرێنن.

لە هەموو خوێندنگاکاندا هان بۆ گەشەی پێداگۆگی و هەمەلایەنی دەدرێت. خوێندنگا ناشارەوانییەکان (fristående skolor) دەتوانن ببنە تەواوکاری خوێندنگا شارەوانییەکان، بەڵام دامەزراندنی خوێندنگای

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 08-700 27 27 بکە

ناشارەوانیی نوێ نابێت ببێتە مایەی فێرکردنێکی خراپ لە خوێندنگا شارەوانییەکاندا. مەترسیی لێکترازان دەبێت بە وردی لێی بکۆڵرێتەوە کاتێك کە مۆڵەت بە خوێندنگایەکی ناشارەوانیی دەدرێت. دەستەڵاتی شارەوانیی لە کاتی دامەزراندنی خوێندنگای ناشارەوانییدا دەبێت بنچینەییانە بەهێز بکرێت. هەر دانە کرۆنێکی باج کە دەخرێتە سەر گرەوی سەر خوێندن دەبێت لە فێرکردنی خوێندکاراندا ساخ بێتەوە. ئەو خوێندنگایانەی کە وەك شیرکەتی سەهمی بەڕێوە دەبرێن تەنها کاتێك کۆمەکی دەوڵەتیان پێ دەدرێت کە قازانجەکە بگەڕێتەوە بۆ ناو خوێندنگاکە بۆ باشترکردنەوەی کاروبارەکانی.

### هیچ کەس نابێت پشتگوێ بخرێت

هیچ کچ یان کوڕێك نابێت لە خوێندنگا پشتگوێ بخرێت. منداڵان جیاوازن و شێوەی جودا هەیە بۆ فێرکردن، بەڵام هەموویان مافی زانستیان هەیە. لەبەرئەوە گرینگە کە خوێندکاران و دایکوباوکان زانیاری ڕوونیان پێ بدرێت سەبارەت بەوەی کە دۆخی خوێندنی منداڵەکانیان چۆنە. تێڕوانین لە توانا زانستیەکانی خوێندکار لە قۆناخی سەرەتاییدا بەهێزتر دەکرێت. لە ٢٠٠٦/١/١ ـەوە هەموو خوێندکارانی قۆناخی سەرەتایی هەر لە ساڵی یەکەمی خوێندنیەوە مافی هەبوونی پلانێکی تاکەکەسییان هەیە. لەو پلانە تاکەکەسیەدا، کە بە هاوبەشیی خوێندکاران و دایکوباوکان ئامادە دەکرێت، دەبێت بە ڕوونی نووسرابێت کە چی پێویستە بۆ ئەوەی خوێندکارەکە بگاتە ئامانجەکانی. ئەو پلانە تاکەکەسیە دەبێت بە بەردەوامی لەلایەن خوێندنگاکەوە تێی بڕوانرێت.

بۆ ئەوەی مامۆستاکان زوو بۆیان دەربکەوێت کە خوێندکارێك پێویستی بە زێدەیارمەتی هەیە ئەوا دامی خوێندن (Skolverket) ئەرکی پێ سپێردراوە کە تاقیکردنەوەی ئازمایشیی لە خوێندنەوە و ماتماتیکدا ئامادە بکات.

### خوێندنگای ئامادەیی مۆدێرن

ئێمەی سۆشیالدیموکرات بەوە ڕازی نیین کە لە ٨٥٪ لە تەمەن ٢٢ ساڵەکان خاوەنی خوێندنی سێ ساڵەیی ئامادەیین. لەبەرئەوە زیاتر کۆمەك بەو خوێندکارانە دەکەین کە لە ئامادەییدا زەحمەتیان هەیە. ئێمە هەروەها پارەی زێدەتر دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی چۆنایەتی پرۆگرامی تاکەکەسیی خوێندنگا ئامادەییەکان گەشە پێ بدەین و بەرز بکەینەوە. هەموو خوێندکارێك کە ئەو پرۆگرامە تاکەکەسیەی هەیە ئەو پشتگیریە دەکرێت کە پێویستێتی تا بتوانن بکەونە ناو پرۆگرامی نەتەوەیی خوێندنەوە و تەواویشی بکەن. ئێمە هەروەها پرۆگرامە ڕشتەییەکانیش باشتر دەکەین. خوێندنێکی فێرکردنی ئامادەیی مۆدێرن دەست پێ دەکات، هاوکاریی لە نێوان وانە سەرەکیەکان و وانە ڕشتەییەکاندا بەهێزتر دەکرێت و هانی دەستپێشکاریی هەرێمیی بۆ هاوکاریی لە نێوان شارەوانیەکان و لایەنەکانی ژیانی کاردا دەدرێت.

### بەدیل (ئەڵتەرناتیف)

دژ بە پلانی خوێندنی سۆشیالدیموکراتەکان مۆدێراتەکان و هاوپەیمانیی بەرەی ڕاست وێستاون. ئەوان پێشنیار دەکەن کە تاقیکردنەوەی گەیویی

Sorani
Skola

(ئامدەبوون بۆ) خوێندن لە خوێندنگادا بەکاربهێنرێت و هەڵسەنگاندنی وەك پلەنامە بتوانرێت بە منداڵی تەمەن ٧ساڵە بدرێت. ئارەزووی خوێندن چۆن بەهێز دەکرێت گەر لەو تەمەنەوە منداڵ مۆرێکی لێ بدرێت کە بەکەڵك نایەت؟ لە سوێدی هاوپەیمنێتی بەرەی ڕاستدا هەموو منداڵێك جێی بێگومانی خۆی پێ نادرێت.

ئەو بەرەی ڕاستە کە مۆدێراتەکان ڕابەرایەتی دەکەن هەروەها دەیانەوێت پرۆگرامی تاکەکەسی قۆناخی ئامادەیش لاببەن و پلەهیوا بۆ ئەو خوێندکارانە بهێننە خوار کە پرۆگرامی ئامادەیی ڕشتەیی دەخوێنن. هاوپەیمانیی بەرەی ڕاست دەیەوێت بەرەنگاری پێداویستیەکانی ئایندە بە سیاسەتێکی ڕاسترەوانەی کلاسیکی جیاکردنەوە وەڵام بداتەوە کە دەبێتە مایەی جیاوازیی زۆرتر، داوای کەمتر بۆ پێداویستیی زانست و هێزێکی کێبڕکیی خراپتر.

لە سوێدی ئێمەدا دەبێت هەمووان لەگەڵدا بن. تۆ چ سوێدێک هەڵدەبژێریت؟

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 08-700 27 27 بکە